# جەمال تاهیر؛ لێوەشاوەی خەباتی

# شار و زیندان و شاخ

مامۆستا جەمال تاهیر, سەرکردەیەکی شەهیدی ناوداری کوردستانە, بەڵام هێشتا پێم وایە, زانیارییەکی کەم لەسەر خەبات و بێباکی و خۆڕاگریی ئەم شەهیدە بڵاوبۆتەوە, کە پێمان وایە, نەك سەبارەت بە شەهید جەمال تاهیر, بەڵکو بۆ هەموو شەهیدان, بەتایبەتی ئەو شەهیدانەی لەناو رووداوە چارەنووسسازەکاندا, رۆڵی کاریگەریان گێڕاوە, هەقوایە سەرگوزشتەی ژیان و خەباتنامەی سیاسییان بنووسرێتەوە. ئەمەش, جگە لەوەی کەڵکێکی زۆری بۆ نووسینەوەی وردەکارییەکانی مێژووی نوێ دەبێ, جگەلەمە, وەچەکانی گەلەکەشمان باشتر رۆڵە خۆڕاگرەکانیان دەناسن و دەشزانن ئەم رۆڵە خۆڕاگرانە, بۆ رۆژگاری سەخت چ کۆڵەکەیەکی لە رماننەهاتووی شۆڕش و کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانی بوون. هەر لە رێگەی نووسینەوەی ورد ودرشتی خەباتی تێکۆشەرانەوە, دەشزانرێ لەناو هێزە سیاسییەکاندا, چ هێزێك ماکی کوردایەتی و رچەشکێنی دۆخی سامناکی رۆژانی هەرەس بوو.

ئەو سەرکەوتنانەی لە چارەکێکی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتەدی و وا خەریکە لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا, گەلەکەمان لەخەم دەرەخسێ, هەموو ئەو سەرکەوتنانە, لەپێشەوەی زیندووەکان, لەسایەی سەروەرانی کوردستاندا هاتوونەتەدی. کە بە هەق شەهید (جەمال تاهیر) یەکێکە لەو سەرکردە سەروەرە کۆڵنەدەرە بەئەمەکانەی خەڵك و خاك, کە بێباك, هەتا شەهیدبوون, گاڵتەی بە دوژمن و گاڵەی بە تەنگوچەڵەمەکان دەکرد.

(1)

## کەی ناسیم

رۆژگاری هەرەس, تێکۆشەرانی راستەقینەی ئەم گەلە, لەناخی خۆیاندا, نەك نەڕوخابوون, بەڵکو چەند بەرامبەر رقی پیرۆزیان, بەرامبەر داگیرکەران جۆشیدەخوارد و خۆیان بۆ دەورانێکی تری خەباتی سەخت, بێدەنگ بێدەنگ, ئامادەدەکرد. ئەویش لەناو شانە نهێنیەکانەوە.

شانە نهێنیەکان.. سێ سێ و چوار چوار و پێنج پێنج کەس بوون, بەڵام هەر شانەیەك, فێرگەیەکی پەروەردەی خەباتی شۆڕشگێڕانە و زاخاودانی هەڵوێست و خۆئامادەکردنی قوربانیدان بوو.

لەو رۆژە سەختانەدا, سەخت بوو بتوانی شانەیەك پێك بێنی. سەخت بوو لەدزی دوژمن و چاوە جاسوسەکانی, چەند کەسێکی متمانەپێکراو بدۆزیتەوە و بیانخەیتە ناو شانە نهێنیەکانەوە. چونکە (شانە) یەکەمین هەنگاوی هەڵمەت بوو؛ (شانە) یەکەمین سەنگەری خۆڕاگری بوو؛ (شانە) یەکەمین پەیمانبەستنی کوردستان یان نەمان بوو؛ (شانە) یەکەمین بڕیاری دەستهەڵگرتن لە کەسوکار و منداڵ و ژن و خۆشی و خۆشەویستی ژیان بوو بەمانا گشتییەکەی؛ (شانە) یەکەمین گواستنەوەی قۆناغی ژیان بوو لە ژیانی ئاساییەوە, بۆ ژیانی فیداکاری.

شانە.. دیارنەبوو, بەڵام کە دەچوویتە ناو شانەوە, دونیات بەشێوەیەکی تر, لە روانگەیەکی تر و لە جیهانبینیەکی پڕ لە ئەقڵی ئەوساوە, پڕ لەجوانی ئەوسا و پڕ لە وەفای ئەوسا بۆ کوردستان و رنجدەرانی دەبینی.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

هەموو کەسێك، نە کەسی شانە بوو، نە هەموو کەسێکیش دەیتوانی ببێتە خەڵوەت نشینی شۆڕشگێڕێتی شانە نهێنیەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی و شۆڕشی نوێ.

ئەوکاتە.. هەرەس بوو هەرەس، ئەوکاتە دوژمن چۆن سەراپای خاکی کوردستانی داگیرکردبو، ئاواش ترس و بیمی رۆچاندبووە ناخی تاکوکۆی کۆمەڵ.

ئەوکاتە.. قەتارەی (عائدون) هێشتا بۆ نیشتەجێکردنیان لە خوارووی عیراق نەبڕابووەوە؛ ئەوکاتە قۆناغی گەرمیی راگواستن و تەعریب و تەبعیس، بەبێ شۆڕش‌و پێشمەرگە و بەبێ ناوچەی رزگارکراو، دەسەپێنرا. بۆیە سەخت بوو خەڵك رێکبخرێ. ئەوکاتە زمانی کوردی لە بێخ دەردەهێنرا؛ ئەدەبی کوردی دەشێوێندرا؛ روخساری کوردستان دەشەمزێندرا؛ دێهاتی کوردەواری دەرۆخێندرا؛ کورد تەفرەدەدرا؛ ئەوکاتە.. هەرەس بووبوو، کەس.. کەس بەتەمای خۆی و شەرەف و ناموس و ماڵ و منداڵی نەبوو.

ئەوەی لە کۆڕی خەباتدا مابووە، کۆنەڵنەدەرانی شانە نهێنیەکان بوو. شانە نهێنییەکانیش لەناو سەرسامی خەڵك، بەشێنەیی دەجوڵان. هەبوون لەناو خەڵکدا خواخوای بەرپاکردنەوەی شۆڕش بوون. هەشبوون وا نائومێدبوبوون خواخوایان بوو بە سیکۆتین زەلیلی بنووسێنن بەسەریاندا نەکا بای سیاسەت بیبا!

(شانە)کان، هێشتا بەتەواوەتی بە کوردستاندا بڵاونەبووبوونەوە، هێشتا تۆکمە دانەڕێژرابوون، هێشتا مابوویان لەژێرەوە، لە ژێرزەمینی خەباتەوە، ببنە ژیلەمۆی گەشانەوەی شۆڕش. لەپڕ، لە (1975/9/3) کە جارێ شەش مانگ بەسەر هەرەسدا تێپەڕیبوو، سەرکردایەتی (کۆمەڵەی رەنجدەران) بەهۆی هەڵەیەکی بچووکەوە، کەوتە بەر پەلاماردان. ئیدی مانگێکی نەخایاند، شیرازەی رێکخستنی کۆمەڵە پسا. گرتن و راوەدونان دەستیپێکرد. ئەمەش وایکرد:

- سەرکردایەتی کۆمەڵە هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لەدەرەوەی وڵات، مەخابن بڕیارەکە وردەکاری تیا بەکارنەهاتبوو، رێگەی گەیشتنیش دەستەبەرنەکرابوو. سەرەنجام کارەسات قەوما. ئاکام گرتن‌و زیندانیکردنی هاوڕێیانی سەرکردایەتی و شەهیدکردنی خاڵەشیهاب و جەعفەر و ئەنوەری لێکەوتەوە.

- پەیوەندیی شانە نهێنیەکانی ناو هەر شارێك و پەیوەندیی نێوان شارەکان پچڕا. هەموو ئەو بەرنامانەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەدوای خۆیان دایاننابوو، سەرینەگرت. ئەمەش لێکدابڕانی نالەبارترکرد و دەشتوانین بڵێین، نائومێدی لەناو کۆمەڵەشدا، هەتاڕادەیەك، خوڵقاند. بۆ نموونە:

- دوای پەلاماردانی کۆمەڵە، ریزەکانی کۆمەڵە ترازا و بەشێکی ئەڵقە رۆشنبیری و رێکخستنەکان پەیوەندیان پێکەوە نەما.

- دوای تەسلیمکردنەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن ئێرانەوە بە عێراق، هەراسانی لەناو هەندێك لە کادران سەریهەڵداو ئەمجارە، هەبوو لە رێکخستن دووردەکەوتەوە. هەشبوو تەسلیم بە رژێم بویەوە، هی واش هەبوو، بەشێوەیەك دەترسا، داوای دەکرد بەکۆمەڵ تەسلیم ببینەوە باشترە لەوەی رژێم خۆی بمانگرێ و عیدام یان بۆ هەمیشە زیندانمان بکا.

واتا: دوای پەلاماردانی کۆمەڵە و گرتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لەناو ریزەکانی رێکخستندا کاردانەوەی نالەباری هەبوو. رەنگە ئەمە بۆیەکەمین جار بێ خوێنەوارانی گەلەکەمان ئەم قسانە بخوێننەوە. ئەگەر هەبێ وەڵام بداتەوە، یان ئەو کەسانەی تەسلیم بوونەوە، یان داوای تەسلیمبوونەوەیان دەکرد، وەڵام بدەنەوە، ئەوکاتە لەمبارەیەوە راستی دیکە هەیە باسی بکەین!

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

(2)

## جەمال تاهیر, لەم ڕێڕەوەدا

لەناو ئەو دۆخە ترسناك و گرتن و ترس و راكە راكە و دڵەڕاوكێیەدا, بەشی زۆری ڕێكخستنی كۆمەڵە و پاشان ئەوانەی هاتنە ریزی (ی.ن.ك) و شانە نهێنیەكانیان كردە بێشەی بەرەنگاری. چەقین و بڕیاری چنینەوەی شیرازەی ڕێكخستنیان دا؛ بڕیاری پەرەپێدانی تێكۆشان و خۆسازدان بۆ شۆڕشی نوێیان كردە پێناوی خۆیان لەو هاوڕێیانەی پچڕابوون, شەهید (جەمال تاهیر) یەكێكیان بوو بەڵام هاوڕێیەكی لە ڕێكخستن پچڕاوی ئۆقرەلێبڕاو بۆ پەیوەندی پێوەكردنی ریزەكان نەك ترساوەكان.

هاوینی (1976) بەهەوڵی خۆی, بەندەی دۆزیەوە. یەكترمان لە برایم پاشادا بینی. كە یەكمان بینی و كەوتینە قسەو هۆی دابڕانەكەی باسكرد و بۆم باسكرد كە چۆن كۆمەڵە بەرگەی پەلامارەكەی گرتووە و, چۆن چۆنیش (ی.ن.ك) دامەزراوە و, بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێكخستن چۆنە و چۆنیش خۆمان بۆ شۆڕش ئامادە دەكەین, هەر دەتگوت: شەهید جەمال لە بیاباندا ون بووە و لە گیانەڵڵای مردندا فریای كەوتوم و هەر دەنگوباسێك وەكو قوم قوم ئاو بكەیت بەگەرویا, ئاوا دەگەشایەوە, دەكرایەوە.

كە كەوتە قسە.. مامۆستا جەمال, مێژووی خۆی لە هاتنەریزی كۆمەڵە, لەناو كۆمەڵەدا چیكردووە؟ لەناو شۆڕشی ئەیلولدا چی پێسپێردراوە؟ لە پێنجوێندا چەند چالاك بووە؟ كێی ڕێكخستووە؟ چەند كەسی دابڕاوی تر هەر ئێستا لە سلێمانی دەناسێ؟ هەموی بۆ باسكردم. پاشان, یەكەیەكە بردمی بۆلاشیان. ئەمە مامۆستا حەمەئەمین چاوشین (شەهید شەماڵی قەراغ) لە ماڵی خۆیانا دیمان. دوای ئەمە, پێش سەفەرەكەی كاك حەمەسابیر بۆ فەرەنسا (1976) هەر لە ماڵی خۆیاندا, چووینەلای و پرسیاری لێكردم كە بە زەماڵە دەچمە فەرەنسا, بێمەوە یان نەیەمەوە. پێمان گوت: بمێنەرەوە. هەندێ هاوڕێی تر هەبوون خۆیمان راسپارد پەیوەندییان پێوەبكاتەوە.

لەوساوە, مامۆستا جەمال, بوو بە هاوڕێ و برا و ئازیز. هەفتەی چەند جارێك یەكمان دەبینی, زۆری نەخایاند, هێڵەكەی مامۆستا جەمال بوو بە یەكێك لە باشترین هێڵەكانی ڕێكخستن. جگە لە ڕێكخستن, شەهید بەگەرمی خەریكی پەیوەندی پێوەكردنی پێشمەرگە كۆنەكان و سازدانیان بوو بۆ شۆڕش. پێم وایە یادەوەریم بەهەڵەی‌نەبردوم كە دەڵێم: دوای سێ مانگ, هێڵی مامۆستا جەمال نەك هەر لەناو سلێمانیدا, بەڵكو لە شار و شوێنی تریشدا, بوو بە یەكێك لە باشترین و فراوانترین هێڵەكانی ڕێكخستن. تەنانەت مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی نهێنیشی دروست كرد.

(3)

## تایبەتمەندێتی كەسایەتی

## شەهید جەمال

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

شەهید جەمال، لەتافی لاوێتیەوە، جگەلەوەی تێکەڵاوی کوردایەتی بووبوو، هەمیشە پێشکەوتنخواز و هەڵگری بیروباوەڕی چەپی ڕەنجدەرانیش بوو. لەسەر ئەم بیروڕایە، بەردەوام لە ململانێدا بوو. بەحوکمی ئەوەی خەباتی چەپ و چینایەتی لەناو گەلانی وەکو کورددا، زەمینەی چینایەتی پتەوی نەبووە و نییە، بۆیە، هەڵگرانی ئەم بیروڕایە بەردەوام دەبوو، هەم لەڕووی فکری و هەم لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، لە ململانێدا بن. ئەمەش، وای لە مامۆستا جەمال کردبوو شەووڕۆژ بداتە دەم یەکتر و یەکبین تێبکۆشێ.هەرکاتێك.. لەماڵ، خوێندنگە، چایخانە، لەسەر شەقام و ناو کۆڵان، هەر ئان و کاتێك شەهید جەمال ببینرایە، سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بوو. گیرفانی، زەرفی دەستی، ماڵی، بگرە ماڵی کەسوکاریشی، هەموو ساتێك پڕ بوو لە بەیاننامە، نامەی ڕێکخستن و هاوڕێی کۆمەڵە و هەڤاڵی یەکێتی. ئەم تێکۆشەرە، گەرچی هەموو ساتەکانی ژیانی خەریکی خەباتی نهێنی ڕێکخستن بوو، کەچی بە ڕواڵەتیش کە دەبینرا، پێدەکەنی و خۆی وادەنواند کە ئەوەی بەلایدا نەڕوا، سیاسەتە.

ئەم پیاوە، پێدەکەنی، دەوەستا، دەڕۆیشت، دادەنیشت، ئەمسەر و ئەوسەری شاری دەکرد، بەڵام لەناخیا چرکەساتێك لە خەبات دانەدەبڕا. وایلەخۆیدەکرد کەس گومانی کاری نهێنی لێنەکا. بەڵام هەموو هۆش و جەستە و ژیانیشی خەباتی نهێنی بوو.

بۆنموونە: چاکم بیرە ڕۆژێکیان پێکەوە لەماڵی هەڤاڵ (دلێری ئەحمەد شوکری) چووین هەڤاڵێکی پێشمەرگەی ناوشارمان بینی هەتا هەڵیسەنگێنین، چونکە بۆ بەیانییەکەی ئیتر بڕیاری شۆڕش بەسەر (صالح العانی)دا کە لێپرسراوی بەعس بوو لە زانکۆی سلێمانیدا، جێبەجێ بکەین. ئەویش شەهید هاوڕێی بوو، بەئامادەبوونی (ف . ر) شەهید هاوڕێ، ورەی بەرز بوو. تەواوی ئامادەیی جێبەجێکردنی کارەکەی لەگەڵ (م . ب) دا هەبوو، کە بینیم هاوڕێ ئاوا ورەبەرزە، دڵم پێی خۆشبوو، پێم گوت:

ورەبەرزی یەکەمین بڕیاری مرۆڤە، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی شۆڕشگێڕانە. بەڵام گرنگتر لە ورەبەرزی، لە ساتەکانی جێبەجێکردنی نەخشەی عەسکەریدا، نەپەشۆکانە. دان بەخۆداگرتنە. دیقەتی چەك بەکارهێنانە. چونکە شەڕی ناوشار، پێویستە لە یەکەمین فیشەکەوە بیپێکی، کە کەوتە دووەم فیشەك، مەترسی زیادئەکا ڕەنگە تیاشبچین.

چاك چاکم لەبیرە، شەهید جەمال گوتی؛ هاوڕێ گیان، کاك مەلا بەختیار ڕاست ئەکا، ئەگەر ئەزانیت لەخۆت دڵنیانیت، ئێستا بڵێی باشترە. نەك سبەینێ پاشگەزبیتەوە و تووشی کارەسات بین.

کاك ( ف . ر)یش بۆ دڵنیابونی من و لە (هاوڕێ) گوتی: هاوڕێ بەختیار ئەگەر لە (هاوڕێ) دڵنیا نیت، من خۆم لەباتی هاوڕێ دێم.

هاوڕێ وەکو شێرێك بنەڕێنێ، هاتەوەڵام و گوتی: پێویست ناکا. ئەگەر سەریشم تیابچێ نەخشەکە جێبەجێ دەکەم.

کە شەهید جەمال زانی من دڵنیا بووم. دیسان هەڵیدایە و گوتی: هاوڕێ گیان، کاك مەلا بەختیار بۆ دڵنیابون هاتووە ئەم قسانەت لەگەڵ بکا. دڵنیابون زۆر کارێکی گرنگە بۆ پێشمەرگەی ناوشار. ئەم شۆڕشە وەکو شۆڕشی پێشوو نییە، بڕیار دەربچێ و گوێ نەدرێتە چۆنیەتی جێبەجێکردنی لەناوشاردا. کاك بەختیار خۆشی لەگەڵتە بۆ جێبەجێکردن.

کە هاتینەدەرەوە، شەهید جەمال لێی دووپات کردمەوە کە لە (هاوڕێ) دڵنیابم. دەست بەجێ دوای ئەوەش، هەر لەخۆیەوە قسەی دروست ئەکرد هەتا پێکەنین و کەس گومانمان لێنەکا. هەرپێکەوە چووینە لای ماڵی (صالح

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

العانی) کە ئەوکاتە لەپشتی مزگەوتی گەورە, لای کۆنەبازاڕی چنارەکە بوو. بەوێدا ڕۆیشتین و لە نەخشەکە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دڵنیاتر بووین. کە تێپەڕین, شەهید جەمال گوتی: خەڵك نازانێ سبەینێ لەبەردەم ئەمماڵەدا, یەکێك لە بەعسییە گەورەکان (فت!) دەکرێ.

ئەو ڕۆژە هەتا درەنگێ پێکەوەبووین. پاشان, بردمیە سەرچنار, سەرو بیرە و نەفەرێك گۆشتی بانگ کرد, هەر بەقسەی خۆش لەگەڵما بردییەسەر. کە خواحافیزی لێکردم, وەکو فیلمی سینەمایی, دەستێکردە ملم. هیوای سەرکەوتنی بۆخواستم.

خۆشبەختانە, بەیانی سەعات (20و8) دەقیقە, لەبەردەم ماڵی (صالح العانی)دا, جوان جوان چاووم لێبوو. تەنها بە فیشەکێك, هاوڕێ نەخشەکەی سەرخست. بەڵێنی جوامێری بردەسەر. حیمایەکانی, هاواریان کرد و چوونەوە ژورەوە و دەرگایان لەسەر جەستەی خوێناوی (صالح العانی) داخست (خۆش حیمایە!) دوایی پێکەوەهاتینە ناوبازاڕ. گەیشتینە بەردەرکی سەرا, تازە تازە نەجدەکان لورەلور کەوتنەڕێ بۆ شوێنی ڕووداوەکە. چپانم بەگوێی (هاوڕێ)دا, گوتم: هاوڕێ: ئەم خەڵکە نازانێ ئەمانە بۆگرتنی ئێمە دەچن. توخوا ئەم وەستانەمان لە فیلمی پۆلیسی ناچێ؟ هاوڕێ پێکەنی.. گوتی: با. دوایی تێپەڕین و من خۆم کرد بە جادەی سابونکەرانا. هاوڕێش بەرەو جادەی سجن. لێکدابڕاین هەتا دوای ماوەیەکی زۆر لە یاخسەمەر یەکمان بینیەوە. هاوڕێ بوبوو بە هاوڕێی (وحده القاعده)ی قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی. ئیتر نەمبینیەوە.

(3)

### بینینی ڕۆژانە

ئەرکەکان وایان لێهات, ڕۆژانە, یان دوو ڕۆژ جارێ شەهید جەمال ببینم. هەر بینینێکی شەهید, جگە لە هەگبەیەك دەنگوباسی شارەکەی و هەستی خەڵکەکە و باری ڕێکخستن و ترسی ڕژێم و خەڵکی خانەقین و هەواڵی جۆراوجۆری هەمیشە پێبوو, جگە لەم مەسەلانە, شەهید چەند نوکتەیەکی خۆش و تەعلیقی سلێمانییانەی بەردەوام باسدەکرد. ئەوکاتەش ئەو قسەخۆشانە بۆ من زۆر خۆش بوون. هەم لەبەرئەوەی خۆشم ئارەزووم لە قسەی خۆش و نوکتەیە, هەم لەو وردە قسانە وردتر لە سلێمانی و پێکهاتەی شارەکە و هۆشیاریی خەڵکەکەی تێدەگەیشتم.

شاری زیندوو, لە هەموو بارێکەوە زیندووە, بە قسەی خۆش و نوکتەشەوە. هەڵبەتە هەروەکو سلێمانی پێشەنگی هەڵمەت و قوربانی بووە, لەباری قسەی خۆش و نەستەق و تەشەر و پێکەنین و شەونشین و گاڵتەوگەپیشەوە, بەڕاستی شارکە شارە. بەشێوەیەکی گشتی, کولتوری خەڵکەکە و نەریتی ڕۆژانەیان تێکەڵاوە لە کاری گرنگ و لەپاڵیشیا, گاڵتەوگەپیش. ئەمە خەسڵەتی سلێمانییە کە جیایدەکاتەوە لە زۆر شاری تر. شەهید جەمال.. کوڕی ئەم شارە بوو. بە ئازایەتی و خۆراگری و نەریت و خۆشەویستی ژیانەوە. بەوریایی و جوامێری و قسەی خۆشیشەوە.

ئەم جوامێرە.. لەناو ئەم واقیعەوە, باڵای خەباتی هەڵکشاوە. هەتا گەیشتە لوتکە. لە لوتکەدا, بوو بە لێپرسراوی سەرجەم ڕێکخستنە نهێنیەکانی (ی.ن.ك) لەسەرانسەری کوردستاندا. ئەوکاتەی شەهید ئەم ئەرکەی پێسپێردرا, ڕێکخستنەکانی یەکێتی و کۆمەڵە, زۆر پەرەیان سەندبوو. جگە لە ڕێکخستنێکی فراوان و کۆمیتە و هێڵی ڕێکخستن و شانە و هێشووە ئەندام و لایەنگرێکی زۆر و زەبەند, پێشمەرگایەتی ناوشار و یارمەتی شەهیدان و

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کۆمـەکی زیندانییـەکان و دالّـدەدانی هاوڕێیـانی لێقـەوماو, پەیوەنـدی پێـوەکردنی هەفتانـەی شـۆڕش, دەنگوبـاس هەناردن, چاودێری دوژمن, سوپای دوژمن, دەزگاکانی دوژمن, جاسوسـەکانی دوژمـن, نـاردنی دەرمـان بـۆ پێشمەرگە, چارەسـەری برینـدار, پەیوەنـدی بـە سـەرکردایەتی و هـەرێم و لقـەکان, تەنانـەت کۆمیتـە و کەرتـەکانیش, بەشـێکی دەبـوو رێکخسـتنی سـلێمانی رایانپـەڕێنێ. لەناوجەرگـەی ئـەم هـەموو کاروکۆشـش و تێکۆشـانەدا, مامۆسـتا جـەمال شۆڕەسواربوو.

(4)

## شەهید و کارەساتی هەکاری

که من چوومه دەرەوه, پەیوەندیمان بەردەوام پێکەوە بوو. کە بوومە ئامر هـەرێمی هـەورامان مـانگی4ی1978, هەمیشە تەتەر لەنێوانماندا هەبوو. لەڕێی شاریشەوە نامە و راپۆرتەکانمان دەناردە سەرکردایەتی.

کاتێك کارەساتی هەکاری رووی‌دا, نامەیەکی تایبەتی بـۆ نووسـیبووم کـە بـچمەوە شـار ماوەیـەك خـۆم بـشارمەوە, چـونکە رژێـم نەخـشەی لـەناوبردنی کێـشابووم. ئەمـە لـە هەسـتی پاکییـەوە بـوو بەرامبـەرم. بـەڵام دۆخەکـە هـی خۆشاردنەوە نەبوو, بەڵکو هی هەڵسانەوەی باری گلاوی هەکاری بوو. ئەوکاتە لەگەڵ (کاك بـەکری حـاجی سـەفەر و کاك مستەفا چاوڕەش) دا خەریکی بووژانەوەی هەرێمی هەورامان و سلێمانی و شلێر بووزین.

جارێکیان بەپەلە شەهید جەمال نامەی بۆناردبووم کە بگەمەوە شار. لەگـەڵ کـاك دلێـری سـەید مـەجید لـەرێی ویڵەیـەرەوە هاتینـەوە شـار. لەسـەر جـادەی دوکانیـان کەوتینـە نـاو دوو ناقیلـە.. گـەر رایانگرتینایـە, هەڵبەتـە رامانـدەکرد و دەشیان کوشتین.

کە گەیشتمەوە شار, زانیاریـەکی تـەواوی لابـوو لەسـەر دۆڵی جافایـەتی کـە (جـەلالی کوێخا عەبـدوڵڵا) و (عـەلی گاور) و (گودرون) و خەڵکانی تر کە (80) کەس دەبوون پەیوەندییان بە ئیستخباراتەوە کـردووە بـۆ کوشـتنی (مـن) یـان (مـستەفا چـاوڕەش) یـاخود (جـەمالی عـەلی بـاپیر), یـان هـەر سـەرکردایەتییەکی تـری شـۆڕش. زانیارییـەکانی بەڵگەنەویست بوون. تەنانەت ناوی ئـەو (شـێخەی!) کـە سەرپەرشـتی دەکـردن (ئێـستاش مـاوە!!) دەزانـی. دەشـیزانی (جەنابی شێخ) پەیوەندیی بە (عەبد عـەلی) مـودیری ئیـستخباراتی سلێمانییەوە, هەیـە. ژمـارەی کۆبوونەوەکانیـشی دەزانی کە (شێخ) لە دۆڵەرووت لەگەڵ خۆفرۆشەکاندا, کردوونی.

ئـەم زانیارییانـە خەتـەرناك بـوون چـونکە کارەسـاتی هـەکاری تـازە روویـدابوو. سـەرکردایەتی شـۆڕش کـەوتبووە ئاستەنگێکی مەترسیدارەوە. دۆڵی جافایەتی و دۆڵەڕوت و ئەو ناوچەیەش ناوچەیەکی ستراتیژی بـوون بـۆ شـۆڕش و هاتوچـۆ بـۆ سـلێمانیش. کـە گەڕامـەوە, هێزێکـی هاوبەشـی هـەورامان و شـارەزور و شـارباژێرمان کـۆکردەوە و ئـەو تاقمانەمان تەفروتوناکرد و پیلانەکەمان پەك خست. زیـاتر لـە (30) کـەسمان چـەك کـردن و باقیەکـەیان رایـانکرد بۆ جاشایەتی.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

سێ چوار ڕۆژ لەماڵی خۆیاندا شاردمیەوە. ئەو چەند ڕۆژە بەدریخانی خێزانی زۆر ماندوبوو لەگەڵما. (کاروان) و (سۆران) و (تریفە) و (تافگە)ی مناڵەکانی شەهید, هێشتا مناڵبوون. ئەو چەند ڕۆژە هەلێکی باش بوو, شەوانە هەتا درەنگێ دادەنیشتین‌و سەبارەت بەئایندەی شۆڕش و کۆمەڵە و یەکێتی قسەوباسمان دەکرد.

شەهید جەمال.. قسەکانی لەئەزموونێکی قوڵەوە دەکرد. هەموو کەسێکی دەناسی, نەفسیەت و ئەقلیەت و ئاست و تواناکانیشی دەزانی. یەکەبەیەکە بۆیباسکردم. جارجار شەهید (شازاد سائیب)یشی دەهێناو ئەویش هەموو گیانی شەهامەت و پاکی و ڕاستگۆیەتی خەبات بوو. قسەکانیان ئێستاش لەبیرمن. بەوردیش لەبیرمن, بەڵام ئێرە شوێنی گێڕانەوەیان نییە, ڕۆژگار لەباربێ, کاتیان دێ.

ئەوماوەیەی ناوشار, ڕێکخستنەکانی گەرمیان و هەولێر و شار و کۆمیتەکانم بینی. دۆخی ڕێکخستن زۆر باش بوبوو, پەیتاپەیتا هاوڕێیانیان دەناردەدەرەوە, چەندین کادریان گەیاندبووە سەرکردایەتی. شەهید جەمال, لەوکاتەدا, ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو. دەتوانم بڵێم: شاری خستبووە خزمەتی شۆڕش و شۆڕشیش پشتێکی زۆری بەشار دوای کارەساتی هەکاری, دەبەست.

شەهید.. دووجار گیرا. هەردووجارەکە لێپرسراوی یەکەمی ڕێکخستنەکان بوو. بەڵام دوژمن تۆزقاڵێك سوودی لێوەرنەگرت. جارێکیان بەلێبوردن و جارێکیشیان بەخۆڕاگری خۆی, ئازادبوو.

لەدووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەشەوە, سەرەنجامی خەباتی جوامێرانە و ژیرانەی, متمانەی ئەندامانی کۆنفرانسی وەرگرت و بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردرا کرایە ئەندامی ناوەندی. لەم ئەرکەشدا وەکو سەرکردەیەکی کارامە, سەرکەوت. لەم بارەوە نامەوێ زۆر قسە بکەم, چونکە دڵنیام هەڤاڵانی تر لەسەریدەدوێن.

مەخابن.. مامۆستا جەمال, بەرێکەوتێکی دڵتەزێن, گیانی گەورەی لەدەستدا و گەیشتە کاروانی نەمران. نەمرێك.. هەمیشە لەدڵ و دەرونی هەمواندا, دڵنیام دەمێنێتەوە و یادی سەربەرزییەکانی, هەردەکرێتەوە.

هەزار سڵاو.. سڵاوی خەبات و دیموکراتی لەمێژووی خۆڕاگریی خەباتت.. مامۆستا جەمال تاهیر.

**مەلا بەختیار**

**سلێمانی**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com